# لەستایشتی پۆپۆلیزمدا




## هەڤپەیڤینی ئارنستۆ لاکلاو و سلاڤۆی ژیژەك

بــەردەوام هەوڵمداوە لە سنووری ئاخاوتنی فەلسەفیدا بمێنمەوە.

جاک دێریدا

لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن

2–1

سنوورەکانی کتێبێک کامانەن و لەکوێدان؟ کتێبێک لە کوێ دەستپێدەکات و بە کوێدا کۆتایی دێت؟ فۆکۆ کتێبەکان بە گرێی تۆڕێک دەشبوهێنێ (فۆکۆ، 1974). سنوورەکانی گرێیەک کەوتوەتە کوێ؟

پرسیارێکی تر: (چۆن دەکرێ سنوورەکانی حەقیقەت ببەزێنی؟) چۆن دەکرێ لە جیهاندا بیت و تەماشای جیهان بکەی؟ چاوێک چۆن دەتوانێ خۆی ببینێت؟

وەڵام فەلسەفەیە. فەلسەفە، ڕەتبوون لە سنوورەکانی کتێب و حەقیقەتە، نووسین حەتمیە، نووسین لەدەرەوەی کتێب و ڕاکردنە لەسنوورەکانی حەقیقەت. فەلسەفە ڕاکردنە لەخود، یان باشترە بڵێین، هەناسەی ڕاکردنە، بوونەوەرێکە بە چالاکییەکانی خۆی ناسنامەکەی دیاریدەکات. فەلسەفە مەیدانی بەدیهێنەری نەشیاوەکانە. فەلسەفیترین پرسیارو ڕەنگە تاکە پرسیاری ڕەهای فەلسەفی، ئەوەبێ، (فەلسەفە چیە؟) فەلسەفەی ڕامانە، بەمەرجی توانای خود، کاتی باڵادەستی بەرکەوتنی سەرچاوەیەو ژیان بەرهەمی هەمان ساتەکانی باڵادەستی و دابڕانە. زیندوو بوون، ڕاکردنە، فەلسەفە هونەری ژیانە.

بیریارانی فەلسەفە، ئایانەوێ ببنە پردی پەیوەندیی نێوان


فێردیناند سوسێر

ئەم بیرکردنەوە دەرهەسنە و ژیانی ڕۆژانە. ئەو بیرۆکەیان لەمێشکیدایە کە فەلسەفە خۆی لەخۆیدا بە ژیان و کاردوە بەسترلوەتەوە و پێویست ناکات پڕی بکەین لە ناوەڕۆکی واتایی، کەوایە فەلسەفە دەهێنێ کە لە لوتبەرزی کتێب بێتە خوار و لەناملیکەدا دەستاودەست بکات و هەڵبدرێتەوە، تا پەیامەکەی بەدواندنی ئووڕەییەکان و نەفرەتەکان و عەشقەکان ئەنجام بدا، کەوایە مەبەستمانە بچینە ناو پیرۆزی کتێبەوە. سنووری نێوان دەرەوە و ناوەوە بکەینەوە و لە فەلسەفەدا دیالۆگ لەگەڵ نامۆکانی بکەین. بزاوتێک لە ناوەوەی ڕۆح بۆ دەرەوەی جەستە . بیریارانی فەلسەفە نایانەوێ کار لەسەر زەینەکان بکەن، بەڵکو دەیانەوێ لەسەر جەستە و هەست کار بکەن، کە بەردەوام لەگەڵ جۆرەکانی سیستەمی فکری ڕەنگاژۆ دەبێ، هەربۆیە سوورین لەسەر مانەوەی فەلسەفە، تا لەنووقمی ژیان بوون، نوقمی هزرە کلێشەییەکانی بابەتی ژیان بوون، بپارێزرێ و دیارە لە بیرمان نەچێ، کە هەمان فەلسەفەی سۆزداری، لە نێوان – بوونی حەتمیە. هەمان شتێک کە دەرەوەی لەناوەوەی و ناوەوەی لەدەرەوەیە، یان بە دەربڕینێکی دی، هەموو هەوڵەکان پێشتر بۆ بەسیستەمکردنی بێ ئاکامن. نەشیاوی بیرکردنەوە بەبێ دەق، گرنگترین پارێزەری ئەو بیردۆزەیە. دەبێ بیردۆزەی ئاماژە بوونی نووسین لەگەڵ بیردۆزەی نیشانەکردن «هەموو شتێک لەلایەن» نووسینەوە کۆبکرێتەوە، بۆیە بیریاران هەوڵدەدەن دەقێک بۆ ژیان فەراهەم بکەن.

بڕیار وایە بیریاران بەگشتی تەرجومەیەک لەبەرهەمە فەلسەفیەکانی هاوچەرخی ئەورووپی یان وەک دەڵێن فەلسەفەی پۆست کیشوەری بن. بەڵگە نەویستە کە ئەگەری کۆکردنەوەی تەواوی بۆچوونەکانی هەبوو لەفەلسەفەی هاوچەرخی ئەورووپی لەم کۆمەڵەیەدا نیەو دیارە پەیوەندی هۆگریمان وازپێهێنانەکان دەسەپێنێت، بەڵام هاوکات ئەو کۆمەڵەیە ترسی لەسەدەکانی تەوی دی نییە. ئەم کۆمەڵەیە هەوڵدەدا هاوشانی کۆمەڵەکانی تر کەلتور بەرهەمبهێنێ. ئامانجمان بەشدار بوونە نەک مەلەکردن دژی ڕەوتی ئاو ، بەشدار بوون لەگۆڕانکاری و بەرهەمهێنانی مانای فەلسەفە بە هێنانەئارای کۆمەڵێک هەڤپەیڤین، نەک لەنێوان فەلسەفە و هونەر، ئەدەب، دەروون شیکاری، سیاسەت و هتد، بەڵکو کۆمەڵێک دیالۆگ لەکرۆکی فەلسەفە، لەگەڵ هونەر، ئەدەب، دەروون شیکاری، سیاسەت و هتد.

**مهدی پارسا**

**پێشەکی وەرگێڕ**

**پۆپۆلیزم: تاکە کاری سیاسی**

ڕەنگە بکرێ کاری لاکلاو بەجۆرێک تیۆرسێنی پەتی بزانی کە، لەودیوو ئەوەی خۆی، ناوی دەنێ ئەخلاقی و لە لابەلای جۆراوجۆری شیکاری سیاسی ئێستا دەیناسێنەوە، دەکۆشێت بۆئەوەی بە بۆچوونی ناچالاک، لۆژیک لەسەر ئامادەباشی مەیدانی کارلێکی سیاسی ئاشکرا بکات. ڕێبردنی بۆ پۆپۆلیزم دەرحەق پەرە پێدانی چەمکێکە، کە ساڵانێک لێی کۆڵیوەتەوە، چەمکەکانی وەک هێما، هاوبەهایی و جومگە بەندی بابەتەکان. خاڵی سەرەکی کارەکانی، خۆ بەدوورگرتنە لەخستنەڕووی ئەلگۆیەک بۆ گۆڕانکاری هەمەلایەنە، کاتی مانەوەیەتی لەمەیدانی بیردۆزە، هەربۆیە لەجیاتی بەگژداچوونەوەی بڕیار لێ نەدراوەکان و پێشبینی نەکراوی کارلێکە سیاسیەکان لەبری ناتەواوی، ڕایاندەکێشێتە بیردۆزەکەی خۆیەوە. بیردۆزەی لاکلاو لەسەر سێ گوتەزای بنەمایی وەستاوەتەوە، کە پێشمەرجی شیکارکردنی لۆژیکی پۆپۆلیزمن.

**سەرەتای گوتار:**

گوتاری تێکڕایی ئاڵۆزیەکە، کە لەناویدا پەیوەندی دەوری ستراکتۆری دەبینن. بە دیوێکی دی، توخمەکانی گوتارێک نەک بەجێگەیاندنی پێشتر ئامادە، بەڵکو بەرهەمی گوتارن، بۆیە پەیوەندی و بابەتێتی ئەڵتەرناتیڤ دەبن. بەپێی بۆچوونی سۆسێر، زمانی کۆمەڵێک لە جیاوازیەکانە کە هیچ توخمێکی ناوی، ئەرێنی نیە، لەئەنجامدا هەر توخمێکی هێماگەر لەهەر تێکڕاییەکی هێمایی، دەبێ پەیڕەوی لەو تایبەتمەندیە زمانییە بکات. بۆ نمونە ناساندنی کارلێکێک، تەنیا بەهۆی جیاوازی لەکار لێکەکانی تر و هەموو توخمەکانی هێماگەر تاسانە. هیچ شتێک لەودیوو یاری جیاوازیەکانەوە نییە، هیچ بوارێ کە پێشتر سەروەری بەبەشێک لەتوخمەکان ببەخشێت. ناوەندێتی توخمێک، بەرهەمی پەیوەندی لەسەر بنەمای جیاوازیەکانی گوتاری گریمانەیە.



**دووەم دالەکانی کۆتایی و هەژمونی:**

ئەگەر تێکڕاییەک بەپێی جیاوازی حەتمی لەزەین بگرین، دەبێ ئەو تێکڕاییە لە هەموو کارێکی هێمایی تاکدا هەبێت. بەمەش تێگەیشتنی تێکڕایی، مەرجی هێمایە. کە تێگەیشتنی تێکڕایی پەیوەندی بە تێگەیشتنە لەسنووریا، بەدەربڕینێکی دی، دەبێ تێکڕایی لەشتێکی تر جیابکەینەوە. دەکرێ ئەو ئەوی دی تەنیا جیاوازیەکی تر بێ، بەڵام کە بەگژ تێکڕاییەکی هەڵگری تەواوی جیاوازیەکان (سیستەمی جیاوازیەکان) دا چووینەوە، جیاوازیەکەی تری تێکڕایی لەبری دەرەوەیی، ناوەوەییە و پێدانی دەسەڵاتی تەواوو نییە بەتێکڕایی. لەئەنجامدا، تاکە ئەگەر بۆ بوونی دەرەوەیی و ڕاستی، دەرەوە نەک توخمی ناچالاک کە بەشێکی لابرابێ، شتێک کە دەبێ تێکڕایی بۆ بنیاتنانی خۆی بیخاتەلاوە. ئێستا کێشەیەکی تر سەرهەڵدەدات: لەبەرامبەر توخمی لابراو، هەموو جیاوازیەکان دەبنە هاو بەهای یەکدی، بەو مانایەی کە هەموویان لە لابردنی ناسنامەی لابراو هاوبەشن، بەڵام هاوبەهایی ڕێک هەمان شتە کە هەرەس بەجیاوازی دێنێت، کەوایە دەبێ هەموو ناسنامەکان لە گرژی نێوان جیاوازیکردن و هاوبەهاسازی کۆکبن. لەکرۆکی هەر تێکڕاییەک گرژیەکی لەوچەشنەمان چنگدەکەوێت، لە ئەنجامدا ئێمە نە ڕووبەڕووی تێکڕاییەکانی لەسەدا سەد بووینەوە، کە لەگەڵ تێکڕایی کەم و ناکامی تەواو بوون، شوێنی نادەستەبەر بوونی تەواوبوون. تێکڕاییەکی لەم چەشنە هەم نەشیاوە و هەم پێویست، نەشیاوە، چونکە سەرەنجام، گرژی نێوان هاوبەهاو جیاوازی نەکردنەو پێویستە، چونکە بێ بوونی جۆری کۆتایی، هەرچەند لەرزۆک و کاتی، هیچ هێمایەک و هیچ ناسنامەیەک بەکارنایەت. بەم حاڵە لەوە زیاتر دەبێ لاوازی چەمکێکی جۆری توانای لەسەربنەمای پیشاندانەوەی قسە بێنێتەبەرباس. لەوانەیە جیاوازیەک، لەکاتی

**نابێ کارێکی هاوبەش کە بەهێمای پۆپۆلیستی دەردەبڕدرێ بەخەسڵەتێکی ئەرێنی و کۆتایی، لێمان بگۆڕێ، کە لەنێوان پەیوەندی زنجیری هاوبەشەکانە**

مانەوەی خۆی وەکو جیاوازی لاوەکی، ئێکراپی پێوانەکراو پیشاندانەوە، لەم کاتەدا پەیکەرەکەی دوولەت دەبێت، لەلایەک هەروەک لەحوکمی بەشێکدا دەمێنێنەوە و لەلاکەی دی، هێمایەکی زۆر ئێکراپی هەڵدەگرێ. پەسندکردنی ئەو دەورە، هەمان شتە کە لاکلاو ناوی دەنێت هەژموون. بەگریمانەی نەشیاو بوونی ئێکراپییەکی لەوچەشنە جەستە سەلمێنراو، دەبێ ناسنامەی هەژمونیک پەیڕەوی دیسپلینی دالی کۆتا بکات، بەمەش هەرگیز ئێکراپی ڕیشەکێش ناکرێ، چونکە دەبێ لەجیاتی ئێکراپی ناکام بە ئاسۆیەکی بزانین و نەک بنەڕەتێک یان بنەما.

**سێیەم وتاربێژی:**

لە بۆچوونی باودا، خوازەیەک کە ناکرێت بە مانای وشە بە وشە ئەرجومە بکرێ بە catachresis دەیخوێننەوە، مانایەک کە وشەی وشە بەوشە ناتوانێ بیگوازێتەوە. لەدۆخێکی لەم چەشنە دا catachresis تەنیا خوازەیەکی تایبەتی نییە، بەڵکو خەسڵەتی گشتی وتاربێژیە. ئەگەر دالی کۆتایی بوونی پێویستی بەناونانی بابەتێکە کە هەم نەشیاو و هەم پێویستە، کەوایە دەبێ هەژمونی ڕاستەوخۆی catachrestical بێت.

لاکلاو دەخاتە بەردەم دوو داوەری باوی پۆپۆلیزم، دوو ئەگەری جیاواز. ئەو دوو داوەریە بریتین لە پۆپۆلیزمی پەنهان و دیارینەکراو، کە تەنیا دەکەوێتە چوارچێوەی وتاربێژیەوە. لەڕوانگەی لاکلاو، پەنهان و دیارینەکراو، خاڵی لاوازی وتارێکی ڕاستی کۆمەڵایەتی نین، بەڵکو لە هەندێک هەلومەرجدا، لەسەر ڕاستی کۆمەڵایەتی هەڵکۆڵراون. ئەوی دی کە وتاربێژی کارێکی زیادەی بێ کەموکوڕی نییە لە بەرامبەر بنەمایەکی چەمکی، چونکە هیچ بنەمایەکی چەمکی گونجانی دەروونییەکەی بەبێ هەڵواسین بەمیکانیزمەکانی وتاربێژانە بەدەستەوە نادات. بەوپێیە، ئەنجامگیری دەکات کە پۆپۆلیزم باشترین ڕێگایە بۆتێگەیشتن لەچۆنیەتی بنەما داڕێژی کاری سیاسی. خەڵک نەک ماهیەتێکی ئایدیۆلۆژی ڕێگایەکە بۆ یەکپارچەیی، کە پەیوەندی ڕاستەقینەی نێوان بەرپرسانی کۆمەڵایەتیە.

داخوازی کۆمەڵایەتی، بچووکترین یەکەی شیکاری لاکلاوە. داخوازی (demand) لە ئینگلیزیدا هەم مانای داخوازیە و هەم مانای ئیدیعا و داواکاری. لاکلاو ئێپەڕبوون لەداخوازی بۆ داواکاری بە یەکێ لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی پۆپۆلیزم دەزانێ. دەرحەرق بیردۆزەکەی، دەبێ جیاوازی لە نێوان دووجۆر داخوازیدا بکرێ، داخوازی دیموکراسی کە لە داخوازیەکانی تر جیابودنەوە و لێکجیایەو داخوازی پۆپۆلار یان پۆپۆلیستی، کە بۆخۆی کۆمەڵێک داخوازیەو بەهۆی جومگەبەندیەکانی لەسەربنەمای هاوبەهایی، هۆکاری سیاسی بەرینتر بەدیدێت. کەوایە دوو پێشمەرجی ئاشکرای پۆپۆلیزم بریتین لەفۆرمۆلە بوونی سنورێکی ئەنتاگۆنیستی دەروونی، کە خەڵک لەدەسەڵات جیادەکاتەوە و جومگەبەندی داخوازی هاوبە هایی، ڕێ بۆ سەرهەڵدانی خەڵک خۆش دەکات.

لاکلاو دوو ڕێگا بۆ درووستبوونی کاری کۆمەڵایەتی دەژمێرێت، کاری کۆمەڵایەتی یان بەرهەمی بەشێکە، کە ئەڵقەی پەیوەندیەکەی بە هەموو بەشەکانی ماهیەتی لەسەربنەمای جیاوازیە (وەک بەشەکانی داخوازی) یان بەرەنجامی بەشداری بەشەکانە بەپێی هاوبەهایی. تەنیا لەحاڵەتی دووەم، درووستبوونی کاری کۆمەڵایەتی پێویستی بەکێشانی سنووری ئەنتاگۆنیستی دەبێت. بەمەش پێشمەرجێک بۆ پەیدابوونی پۆپۆلیزم، باڵادەستی لۆژیکی هاوبەهاییە بەسەر لۆژیکی جیاوازیدا. هەرچەند هاوبەهایی و جیاوازی لەئەنجامدا ناکۆکن، وەک هەلومەرجی پێویستی درووستبوونی کاری کۆمەڵایەتی پێویستی یەکترن. لەئەنجامدا کاری کۆمەڵایەتی شتێک نییە جگە لەو گرژیە کەم نەکراوە، هاوبەهایی چۆن دەربارەی جیاوازی نایاب دەبێ و لەبنچینەدا مانای نایاب بوون چییە؟ لاکلاو وەڵامدەداتەوە، لەلایەک ئەواوی ناسنامە کۆمەڵایەتیەکان لە

خاڵی بەیەک گەیشتنی هاوبەهایی و جیاوازی دەکەونەوە و لەلاکەی دی، ناهاوسەنگی بنەمایی لەکاری کۆمەڵایەتیدا هەیە، ئەواوکاری بوون پێویستی بەوەیە، کە بەشێکی پیشاندەرەوەی تێکڕایی نەشیاو بگرێتە ئەستۆ. بەم شێوەیە ناسنامەی دیاریکراو لەتێکڕای جیاوازیەکان بۆ ڕواڵەتی ئەواویەتی دەگۆڕێت. ئەوە ڕێک مانای نایاب بوونە.

سنورێکی لابراوی یەکپارچەیی بوونی پۆپۆلیستی، کۆمەڵگە بۆ دوو کامپ دابەشدەکات. لەدۆخێکی وا دا، خەڵک شتێک لە تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵگە کەمترە. دەکرێ خەڵک بە populous بزانی، سەرجەم هاووڵاتیان، یان plebs، بێبەشان، خەڵکانێک کە پۆپۆلیزم ئافرێنەریەتی پلیبیسیە کە خوازیاری ئاڵوگۆڕیەتی بۆ تەنیا پۆپۆلسی ڕەوا. سنووری تەنتاگۆنیستی، کۆمەڵگە بۆ دوو کامپی کەم نەکراوە دابەش دەکات، کە بەدەوری دوو زنجیری هاوبەهایی ناکۆکدا درووستبوون. ڕادیکاڵ بوونی ئەو درزە، پێویستی پیشان نەدراوەی چەمکەکەیەتی. هاوشێوەی دەربڕینی لکانی کە (پەیوەندی سێکسی نیە) – ناکرێ دوو جەمسەری پەیوەندی بەشێوەبەندیەک بزانی – لەئەنتاگۆنیزمیشدا، درزی ئەنتاگۆنیستی پیشاندەری دەرەوەیی بوو، یان دەرەکیەکە کە هەرچەند دەتوانێ بەسەریدا سەرکەوێت، ناتوانێ بەشێوازی دیالێکتیکی تێی پەڕێنێت.

وێنای سنووری ئەنتاگۆنیستی ڕادیکاڵ، دەربڕی بوونی درز تێکەوتنە، شوێنێک هەڵگری ئەزمونی لە دەستچوونێک، بۆشاییەک کە لەبەردەوامی هاوشێوەی کاری کۆمەڵایەتی دەکەوێتەوە، یان بەدەربڕینێکی تر، سنووری ئەنتاگۆنیستی نیشانەی یەکپارچەیی و پڕبوونی نائامادەیی کۆمەڵە. لاکلاو دەڵێ لەسەر بنەمای ڕەوشی مرۆڤ هەوڵێکە بۆ ناونانی ئەو یەکپارچەییە ونە. بەبێ بوونی ئەو درزە سەرەتاییە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا، ئەنتاگۆنیزم، سنوورو سەرەنجام خەڵک دەرناکەون. ڕەهەندی دووەمی درز بەم چەشنەیە : زۆرجار مانای داخوازی بە پێگەی جیاوازیان لە چوارچێوەی سەمبۆلیکی کۆمەڵگە دیاریدەکرێ، بەڵام ئەگەر کۆمەڵەیەکی بەرین لە داخوازی نەخەملێنرێت، ئەو



چوارچێوەی سەمبۆلیکە دەپووکێنەوە. لەم حاڵەتەدا، چوارچێوەی پێشتر هەبوو، کەمتر و کەمتر وەڵامی داخوازی جەماوەری دەداتەوە، کەوایە بوونی چوارچێوەیەکی نوێ حەتمی دەبێ، هەربۆیە ناسنامەی دووژمن پەیوەندی بە پرۆسەی درووستبوونی کاری سیاسیەوە هەیە.

بەهەمانشێوە کە وترا، پۆپۆلیزم پێویستی دابەشکردنی کۆمەڵگایە بۆ دوو کامپ. ئەم دابەشکردنە ئامادەیی دالە تایبەکان دەکاتە پێش گریمانە (ڕژێم، ئۆلیگاریشی، گرووپە زاڵەکان و هتد بۆ دووژمن، خەڵک، میللەت، زۆرینەی کپوهاوچەشنی بۆ سەرکوتکراوان)، کە هێمای تەواوی کامپێکی ئەنتاگۆنیستی لەخۆیدا کەڵەکە کردووە. لاکلاو لەو ڕەوتی کەڵەکە بوونی هێمایی، جیاوازی لە نێوان دوولایەن دەکات، دەوری ئەنتۆلۆژیکی دابەشکردنی کۆمەڵایەتی بەستراکتۆری وتارو ناوەڕۆکی ئەنتیکی کە لەهەلومەرجی دیاریکراو، ئەو دەورە دەبینێ. ڕەنگبێ ناوەڕۆکی ئەنتیک نەتوانێ ئەو دەورە ببینێ، لەکاتێکدا ئەگەر پێویستی پێبوونی مابێ، هێماگەلێکی ئاماژەی سیاسی نەیاری ئەو دەورە دەبینن، هەروەها ڕەنگە لەکاتی لاوازی چەپ مانایەک بۆباڵی ڕاست بگوازینەوە، کە وەک نەریت ناوەڕۆکی بوون.

**سێیەم ڕەهەندی گرنگ:**

کێشانی سنووری ئەنتاگۆنیستیە بۆ گرژی نێوان جیاوازی و هاوبەهایی کۆمەڵێک داخوازی دەگەڕێنەوە، کە بەهۆی جومگەبەندی، ناوەڕۆکی پۆپۆلاریان دۆزیوەتەوە. لەلایەک جێگرتنی هەر داخوازیەکی دیموکراسی لە زنجیری هاوبەهایی جەستەیەکی پێ دەبەخشێ، کە نەیتوانی بەتەنیا دەستەبەری بکات. داخوازیەکی لەوچەشنەی تر نابەردەوام و زووتێپەڕ نابێ و دەکرێ تێکهەڵکێش بکرێن، کە گرامشی بە (شەڕی بارودۆخ)ی دەزانێ، لەلاکەی دی، خەڵک (زنجیری هاوبەهایی) یاسای ستراتیژی تایبەت بەخۆی هەیەو هیچ گرەنتیەک نیە، کە ئەم یاسایانە ڕێگا نەبەنە قوربانیدانی هەندێ داخوازی دیموکراسی تاکی. بەمەش ئاکامی پۆپۆلیزم ڕێک پەیوەندی بە ئاکامی سنووری سیاسیەوە هەیە، ئەگەر ئەو سنوورە نەمێنێ، خەڵکیش وەک فاکتەری مێژوویی لێکدەترازێت.

ئەگەر پەیوەندیەکان لەسەربنەمای هاوبەهایی ناسنامەیەکی وتاری دیاریکراو بەرجەستە نەبن، لە هاوپەیوەستی گرنگ تێ ناپەڕن. ئەم ناسنامەیە، لەسەربنەمای هاوبەهایی پەیوەندی پیشاندەداتەوە، نەک داخوازی دیموکراسی، کە بوونە هاوبەهایی یەکتری. تەنیا لەکاتی بەرجەستەبوونی لەو چەشنەیە، کە خەڵک پێ دەنێتە پانتایی مانای پۆپۆلیستیەوە. ئەوەی پێشتر ناوبژی نێوان داخوازیەکان بوو، ئێستا خۆڕێکدەخات. هەرچەند لەبەراییدا پێگەی پەیوەندی نێوان داخوازیەکانیان لاوەکی بوو، ئێستا بەرپەرچی داونەتەوە، بەهۆی ئاوەژووبوونێکی وەک بنچینەو بنەمایان کاردەکات ، بەبێ ئەو ئاوەژووبوونەوەیە، پۆپۆلیزمێک بەکارنابرێت.

دوو لایەن لە ئامادەکردنی ناسنامەکانی پۆپۆلار جێی بایەخن. یەک، داخوازیەک کە لە ناسنامەی پۆپۆلاردا بەرجەستە دەبێت، لەناوەوە درزدەبات: لەلایەک، لەبری داخوازی لاوەکی دەمێنێتەوە و لە لاکەی دی، بەشەکانی دەلالەت لە شتی جیاواز دەکات، واتە ئێکرای زنجیری داخوازی هاوبەهایی، بە مانایەکی تر داخوازی لەکاتی لاوەکی بوون بۆ ئێکراییەکی بەربڵاوتری دالێک دەگۆڕێ. ئەم هێمای ئێکرایی ترە، بەناچاری بۆ پەیوەندیە هەبووەکانی دیکەی زنجیرەکە دەگوازرێتەوە، ئەو پەیوەندیانەی کە لەنێوان بەشەکانی داخوازیەکەی و هێمای هەمووانی درز دەبەن، کە لەسەر ئێکرای زنجیرەکە نەخش بووە. بەمەش ئاڵۆزیەک بەرهەمدێ: چەند داخوازی لاوازتر بێ بۆ تەواوکردنی خۆی، زیاتر وابەستەیە بە شوێنی خۆی لەزنجیرەکەو لەبەرامبەردا، چەند داخوازی لەڕووی وتاری و دامەزراوەیی سەربەخۆتر بێت، کەمتر وابەستەی زنجیری هاوبەهایی دەبێت. دووەم، دەبێ هەموو ناسنامەیەکی پۆپۆلار بە دەوری ئەو دالانەدا کەڵەکەبن، کە وەکیەکی ئێکرای زنجیری هاوبەهایی دەردەخەن. چەند زنجیرەکە بەرینتر بێت، دالەکان کەمتر پەیوەست دەبن بەداخوازی لاوەکی سەرچاوەکەیان. بەدیوێکی دیکەدا، پیشاندانەوەی ئێکرایی ڕێژەیی زنجیرەکە لەسەر دەربڕی داخوازی لاوەکی چڕدەبێتەوە، چونکە ناسنامەی پۆپۆلار بەر بڵاوترین زنجیرە پیشاندەداتەوە و بۆ بابەتێکی ئاسانی دەگۆڕێ و هاوکات دەبێ بۆ هەڵگرتنی داخوازی کۆمەڵایەتی ناتەبا خۆی لەناوەڕۆکی لاوەکی بەتاڵ کردبێتەوە. بەم شێوەیە ناسنامەی پۆپۆلار وەکو دالێکی کۆتا کار دەکات. لاکلاو هۆشداری ئاوێتەکردنی پووچ بوون و دەرهەستکاری دەدات، واتە نابێ کارێکی هاوبەش کە

بەهێمای پۆپۆلیستی دەردەبڕدرێ بەخەسڵەتێکی ئەرێنی و کۆتایی، لێمان بگۆڕێ، کە لەنێوان پەیوەندی زنجیری هاوبەشەکانە. داخوازی لەپەیوەندی هاوبەهاییدا، هیچ ئوخمێکی ئەرێنی بەشداری پێ ناکەن، جگە لەو ڕاستیەی کە هەموویان نەخەملێنراون. بەمەش نەرێنی، خودی پەیوەندی هاوبەهاییە. بۆ نمونە، داخوازی لەبارودۆخێکی ناسەقامگیردا، بۆ شێوەیەک لە سیستەم هەیە (دەکرێ بەشێوەیەکی هاوتا، لەناوەڕۆکی وەک عەدالەت، وەکیەکی، ئازادی و ... بکۆڵینەوە). هەوڵ بۆ ئەرخانکردنی مانای ئەرێنی سیستەم یان عەدالەت یان دانانی جۆرێک ناوەڕۆکی چەمکی بۆیان بێهودەیە. دەوری ماناناسی ئەم وشانە نەک دەربڕینی ناوەڕۆکی و ئەرێنی، بەڵکو ناونانی پڕبوونە کە بەشێوازێکی بنەمایی بزرە. هیچ کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی نییە کە ناعەدالەتی تێدا نەبێت، بەڵام وشەی عەدالەت مانای هەبێت، بۆیە عەدالەت نەک وشەی دەرهەستکاری بەڵکو، لە وردترین مانا، وشەیەکی پووچە.

هەندێجار سنوورەکانی ئەنتاگۆنیستی جێگیرو دیاریکراو نین، هەربۆیە لاکلاو دالە لێهاتووەکان دەخاتە شیکارەکەی خۆیەوە. دالی لێهاتوو بەرەنجامی جێگۆڕکێ، یان گۆڕانی شێوەی سنوورەکانی ئەنتاگۆ نیستیە. کاری سیاسی لەڕوانگەی لاکلاوەوە یاری پێشبینی نەکراوی نێوان کارکردی دالە کۆتاکان و دالە لێهاتووتووەکانی لەخۆگرتووە. لەئەنجامدا پۆپۆلیزم لە دوو قۆناغدا شیکار دەکرێ، یەک، داهێنانی خەڵک لەڕێگای فۆرمۆلەبوونی زنجیری هاوبەهایی و بەرجەستە بوونی لەبوونێکی پێکەوە بەستراو و بە هاوکاری بەرهەمهێنانی دالە کۆتاکان، بەڵام سنووری ئەنتاگۆنیستی هەبووی ئەم بەرهەمهێنانە، پێشتر دراوە. لە کاتێکدا کە بەرهەمهێنانی خەڵک بنەمای هەژمۆنیکی نوێی لێدەکەوێتەوە کە سەرهەڵدانی سنوورەکانی ئەنتاگۆنیستی نوێشی لەگەڵە (دالە لێهاتووەکان)، کەوایە لەبەرایی دووەم، هەموو شەڕەکان سیاسین یان بە دەربڕینی لاکلاو هەمان گوڕووتینی پێکهاتەی «شەڕی سیاسی»ن. بەوجۆرەی کە لاکلاو چەمکی پۆپۆلیزم کەڵەکە دەکات، ئەم ئەنجامگیریە بەڕاشکاوی ڕای دەگەیەنێ، حەتمیە کە کاری سیاسی هەمان پۆپۆلیستە. بەکردەوەیەکی سیاسی ڕەها هەژمار دەکرێ، کە بەرهەمی خەڵک لەڕووبەڕووبوونەوەی بەڕێوەبردنی پاکی کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەیەکی دامەزراوەخوازی جێگیر، مەرجی بنەمایی کاری سیاسی، هاتنەدی سنوورەکانی ئەنتاگۆیستی و سەرهەڵدانی بکەرانی نوێیە بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، واتا بەرهەمهێنانی دالە کۆتاکان بۆ هاوپەیوەست بوونی زۆرینەیی داخوازیە ناتەباکانی زنجیری هاوبەهایی. هەموو ئەو بابەتانە تایبەتمەندێتی بنچینەیی ناساندنی پۆپۆلیزمن. هیچ دەستوەردانێکی سیاسی بەبێ ئاستێک لە پۆپۆلیزم ئاسان نییە. ئەم ئاستە سەربە چۆنایەتی گەشەی زنجیری هاوبەهایی و یەکگرتنی داخوازیە کۆمەڵایەتیەکانە. لەوتاری دامەزراوەخوازدا (institutionalism) لەگەڵ باڵادەستی ڕەهەندی لەسەربنەمای جیاوازی

**پیشاندانەوەی تێکڕایی ڕێژەیی زنجیرەکە لەسەر دەربڕی داخوازی لاوەکی چڕدەبێتەوە، چونکە ناسنامەی پۆپۆلار بەر بڵاوترین زنجیرە پیشاندەداتەوە**

پەرەسەندنی زنجیرەیی بەلانیکەم دەگا، لەکاتێکدا کە لەوتاری ناوەڕۆکی درزبردوو کەلێنەکان کە ڕێگا دەباتە سنوورەکانی ئەنتاگۆنیستی، پۆپۆلیستی بوونی شەڕە کۆمەڵایەتیەکان پێشینە دەبێت. ڕووبەڕووبوونەوەمان بە دوو شێوەبەندی جیاوازی سیاسی، شێوەی دووەم (کارایی دامەزراوەیی) هەمان مردنی سیاسی، ئەنجامگیری ڕادیکاڵی لاکلاوە.

***

ئەم کتێبە ڕەخنەی ژیژەک بوو لەکتێبی ئەقڵی پۆپۆلیستی (بەرایی)، ئەندێشەی ئەم کتێبە بەرەنجامی دیالۆگی نێوان دوو تیۆرسێنی گەورەی چەپ، ئارنستۆ لاکلاو و سلاڤۆی ژیژەک، کە دەکرێ پچڕانە زارەکیە قوڵەکانی نێوان تیۆرسێنانی چەپ پیشانبدا. ئەم مێزگردە کتێبیە لەوێ دەست پێ دەکات، کە ژیژەک ڕەخنەی لە کتێبی گۆڕین گرت و

**جوڵانەوەیەك ناتوانێ پۆپۆلیستی بێ، چونكە لەڕاستیدا نەك تەنیا لە سیاسەت و ئایدیۆلۆژیەكەی ناوەڕۆكەكان دەخاتەڕوو**

لاکلاوی بە لێکدژی وئن ئۆمەئبار کردو پڕۆژەی (داهێنانی خەڵکی) لاکلاوی بە شکسئخواردوو زانی. لاکلاو لەوەڵامێکی ئووندوئیژدا، ژیژەکی ئاڕاسئەی هەمان ئەو ڕەخنانە کرد کە لەکئێبەکەیدا ئاماژەی پێ کردبوون، بەڵام ژیژەک، دووبارە، هەروەک چاوەڕێ دەکرا، ڕەخنەی لە لاکلاو گرث، ئا پیشانی بدا هێشئا دەبێ ئەواوی ئەڵئەرنائیڤەکانی مارکسیسئی حیسابی خۆیان لەگەڵ مارکسیسئە ئەرئەدۆکسیەکان یەکلا بکەنەوە. ڕەخنە و شرۆڤەی ئیۆری (داهێنانی خەڵک) بەگشئی، ئیۆری «پۆپۆلیزم»ی لاکلاو لەهەڵبژاردنی وئارەکانی ئەم کئێبەدا گرنگن، کە ڕەنگە بەبێ خوێندنەوەی ئەقڵی پۆپۆلیسئی زەحمەث بێ، بۆیە یەکەم وئار، کە پووخئەی ئیۆری «پۆپۆلیزم»ە، بە قەڵەمی خودی لاکلاو، دەکرێ لە حوکمی یەک Prolegomenon دابنرێت.

ئایا «پۆپۆلیزم» هێندە خراپە کە باسیدەکەن؟ ئایا لەڕاسئیدا باسی کام پۆپۆلیزم دەکەین؟ ئایا دەکرێ لەپائئایی و پێکهائەی بەربڵاوئر و دوور لە ئاسانکاریە سیاسیەکان، پەیامێکی فریادڕەسی چاوەڕوانکراو بێ بۆی؟ لەم ناوەدا «خەڵک» مانای چی؟ ئایا ئیۆری سیاسی لاکلاو، کە گورجبوونەوەی بارودۆخی هەبوو کاری ئێکردووە، لێروانینی جوانەو دەکرێ قەیرانی ئێسئا چارەسەر بکاث؟ ئەمانە هەندێک لەو پرسیارانەن، کە ئەم وئارانە هەوڵدەدەن وەڵامیان بدەنەوە.

**محمد ایزدی، عباس ارج پیما**
**پۆپۆلیزم: چییەتی ناوێک**
**ئارنستۆ لاکلاو، محمد ایزدی**

هەموو پێناسەیەک پێشگریمانەی بنەمایی و زارەکی هەیە و دووبارە مانا بەوە دەداث، کە بڕیارە پێناسە بکرێث. ئەم مانایە – هەروەک کە خودی چەمکی پێناسەش ئاشکرا دەکاث – ئەنیا بە جیاکردنەوەی لەبزی پێناسەکراو شئێک دێئەدی، کە پێناسەکەی دەکائە دەرەوە. ئەو کردنەدەرەوە بەنۆرەی خۆی چوارچێوەیەک گریمانە دەکاث، کە کرۆکی بۆخۆیان دەبنە جیاوازی بیرکردنەوەکان. ئەوە هەمان چوارچێوەیە کە خوێندنەوەی جوڵانەوەیەک بۆ پۆپۆلیسئی، ئایدیۆلۆژیەک، یان کارلێکێکی سیاسی نائوانێ یەکسەر دیاریبکاث. لەدوو بابەئی یەکەم – جوڵانەوەکان و ئایدیۆلۆژیەکان – بەپۆپۆلیسئی زانیان پێویسئی بە جیاکردنەوەی ئەو خەسڵەئەیە لەخەسڵەئەکانی ئری کە لەهەمان ئاسئی پێناسەدان، خەسڵەئی وەک «فاشیسئی»، «لیبراڵ»، «کۆمۆنیسئی» و هئد. ئەو کارە یەکسەر گیرۆدەی کاری ئاڵۆز و سەرەنجام لێکدژمان دەکاث: دۆزینەوەی دوایین حەشارگەیەک کە بڕیارە پۆپۆلیزمی «پەث»ی ئێدا بدۆزینەوە، پێناسەیەک کە بۆ هیچکام لەم خەسڵەئانە داناشکێنرێن، کە وەک نمونە باسمانکردن. لەڕاسئیدا ملدان بۆ کارێکی وا چووینە یارییەکەوە، کە بەڵگەی هەرجۆرە ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەئی یان ئایدیۆلۆژی ناوی، بە زوویی ڕووبەڕووی لافاوێک پۆپۆلیزمی ڕیزپەڕمان دەکائەوە، بۆیە ناچارین بەو ئەنجامە بگەین، کە کائێک وشەی {پۆپۆلیزم} بەکاردەبەین، لەڕاسئیدا خوی زمان ناسیمان وادەکاث پێشئر ماناکەیمان گریمانە کردبێ، بەڵام بەم حاڵەش، ئەم مانایە بۆ هیچ مانایەکی پێناسەکراو ئەرجومە ناکرێ. سەرباری، دۆزینەوەی پێشینەیەک کە لەگەڵ ئەم چەشنە چەمکە هەر ئەوە بێ، ئەنانەث سەخئئریش دەبێ (هەمان پێشینە کە مانای ناوبراو لە دەروونی پووچ بەدیدێنێث).

ئێسئا ئەگەر یەکەی شیکاری جوڵانەوە و ئایدیۆلۆژیەکانمان بۆ کارلێکە سیاسیەکان ئاو بدەین، چ ڕوو دەدا؟ هەموو شئێک پەیوەندی بەچۆنیەئی ئێگەیشئنمان لەو خولانەوە {میئۆدی}ەوە هەیە. ئەگەر ئێگەیشئنمان بۆ ئەو خولانەوەیە میئۆدییە لەسەربنەمای یەکگرئوویی نووسین بێ، کە لەئاسئی ئایدیۆلۆژی یان جوڵانەوەی سیاسی بنەمای ڕەوشی مرۆیی یان دائاشراوە، ئاشکرایە بچووکئرین هەنگاومان بۆ دیاریکردنی نەناوە ئەنیا پۆپۆلیسئیە. ئا ئەوکائە نائوانین بەسەر ئەو

کێشانەدا زاڵبین، کە لە ڕێگای دیاریکردنی ماهیەتی پۆپۆلیستی ئەو وشانەدا هەیە و بەردەوامیش زیاد دەبن، کە بە شیکاری ئەو کار لێکانە، ماهیەتی دەروونی وشەکانی {هۆکار لە} دەر نەخەین. بەم حاڵە، ئەگەری دووەمیش هەیە - واتە چونکە لەڕاستیدا کارلێکی سیاسی ماهیەتی بکەرانی کۆمەڵایەتی ئاشکراناکەن، بەڵکو لەپڕ بەپێچەوانەوە ، ماهیەتیان هەڵدەسەنگێنێت. کارلێکی سیاسی لە دۆخی یەکەمدا جۆرێک پێشینەی بووناسی هۆکاری {کۆمەڵایەتی} هەبوو - هۆکاری کۆمەڵایەتی تەنیا خڵەی مێژوویی کارلێکی سیاسی بوو. ئێستا بێین کەم و زۆر ئەو چەمکانە بەوشەی جیاواز بەراوردکەین: دەکرێ کارلێکەکان یەکەی گونجاو تری شیکاری گرووپ بن - بەومانایەی کە گرووپ تەنیا بەرەنجامی جومگەبەندی کارلێکی کۆمەڵایەتیە. ئەگەر ئەو لێروانینە ڕاستبێ، دەتوانین بڵێین جوڵانەوەیەک ناتوانێ پۆپۆلیستی بێ، چونکە لەڕاستیدا نەک تەنیا لە سیاسەت و ئایدیۆلۆژیەکەی ناوەڕۆکەکان دەخاتەڕوو، کە ئایبەتمەندیان پۆپۆلیست بوونیانە، بەڵکو لۆژیکی جومگەبەندی (logic of articulation) پێشاندەری وردەکاری نێوان ئەو ناوەڕۆکانەیە - ئەو ناوەڕۆکانە دەیانەوێ هەرچییەک بن.

پێویستە پێش چوونە ناو ئەسڵی باسەکەمان خاڵێکی تر بوترێت. وشەی (جومگەبەندی) لە زمانی زارەکی سێ یان چوار دەیەی ئەم دواییە زۆر باو بووە - بەتایبەت لە قوتابخانەی ئالتوسێری و پاشایی هەژمونیەکەی. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بڵێین ئەو بۆچوونە لە جومگەبەندی تەنیا ئایبەت بووە بە ناوەڕۆکە بوونیەکان (ontic) کە ئالتوسێرەکان گەشەیان پێداوە، ناوەڕۆک گەلێک کە چوونەتە ڕەوتی جومگەبەندیەوە، کارەکانی (ئابووری، سیاسی، ئایدیۆلۆژی). لەڕاستیدا مادامێک کە جومگەبەندی هاتە بەرباس (چەمکەکانی وەک «بەرچاوی لە دوایین پێگە {یان شوێن}» و «سەربەخۆیی ڕێژەیی»)، جۆرێک ئیۆرسێنی بوون ناسیش دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە ئەم لۆژیکە ڕواڵەتیانە بەپێی پێویست سەرچاوەیان لەناوەڕۆکەکانی بوونی هەندێک وئەزا گرتووە، (وەک نمونە، بەرچاوی لەدوایین پێگە، تەنیا دەکرێ کار لەپەنایی ئابووری بکات)، ئەگەری خستنە بەردەمی بووناسی کاری کۆمەڵایەتیش لە هەمان سەرەتاوە سنووردار بوو، بەم حاڵە ئەم سنوورداریانە بیرکردنەوەیان لە لۆژیکی سیاسی پۆپۆلیزم کردە مەحاڵ.

لەمەودوا گەشە بەسێ مەسەلەی زارەکی دەدەین: 1. پێویستە بۆبیرکردنەوە لەتایبەتمەندی بەرتەسکی پۆپۆلیزم یەکەی گرووپە بچووکترەکان شیکار بکەین (هەرشتێکی ئاستی سیاسی یان ئایدیۆلۆژی)، 2. پۆپۆلیزم وئەزای بووناسیە نەک بوون - واتە مانای ئەو بڕیارە نیە لە هیچ ناوەڕۆکێکی سیاسی یان ئایدیۆلۆژی دەستەبەربێ، ناوەڕۆکێک کە دەچێتە پاشایی وەسفکردنی کارلێکەکانی گرووپێکی دیاریکراوەوە، مانای پۆپۆلیزم بۆ شێوازی جومگەبەندی (mode of articulation) وردەکاری هەرجۆرە ناوەڕۆکێکی سیاسی، ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی دەگەڕێنەوە، 3. شێوازی جومگەبەندی ((articulating form، جیا لەناوەڕۆکی بەرهەم هێنەری ئاکامە بنەماییەکان کە بەپلەی یەکەم خۆی لەئاستی شێوازەکانی پیشاندەرەوە (mode of representation ) دەردەخات.

**داواکاری کۆمەڵایەتی و یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی**

هەروەک کە گوتمان دەبێ خاڵی ویستمان وەرگرتنی یەکەی بچووکتر لەگرووپ، هەروەها سەرنجدان لە لۆژیکە کۆمەڵایەتیەکان بێ، کە جومگەبەندی ئەو یەکانە پێکدەهێنن. پۆپۆلیزم لۆژیکێکیانە. لەدەسپێک دا بڵێین کە شیکارەکەمان لەسەر گریمانەی بەراوورد نەکردنی نێوان گرووپ لە حوکمی یەک لە ئێکرا («کۆمەڵگا») و هەر چالاکوانێکی کۆمەڵایەتی، پشتڕاست دەکەینەوە، کە هەڵسوڕاویەتی. لەڕاستیدا مانای وایە فاکتەری کۆمەڵایەتی نییە کە خواستی لەگەڵ ئەزموونەکانی ئێستای کۆمەڵگە گونجاوبێ و لە حوکمی ئەواویەتێکیش تێگەیشتوو بێت. ڕۆسۆ ئاگای لەم کارە بوو، کە هەڵسەنگاندنی خواستێکی هەمووانی - کە بەلایەوە مەرجی پێویستی دیموکراسی بوو - لەژێر هەلومەرج و پێوەندی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان کارێکی زۆر سەختە. کۆمەڵگەیەک کە ڕێک هەمان شێواز (فرەجۆر) و ناتەبا (ناوەدویی)انە، کە پێویستی بەهێزکردنی میکانیزمە ڕواڵەتیەکانیان زیاد دەکات، هیگڵ هەوڵیدا ئەو مەسەلەیە بە گریمانەی جیاکاری نێوان کۆمەڵگەی سیاسی و کۆمەڵگەی نەتەوەیی بخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە، بەم شێوەیە کە کۆمەڵگەی مەدەنی ڕەسەنێتی بابەتی

(particularism) و نائەبا پیشاندەدا («سیستەمی پێداویستییەکان» «system of needs») و کۆمەڵگەی سیاسی ئاماژەپێدەری سانەکانی یەکپارچەیی (totalisation) و ئێکڕایی و مارکس جارێکی تر یۆتۆپیایەکەی دووپاتکردەوە بەیەکەوە ئەبان، کە لەکۆمەڵگەیەکی گونجاو جێگای کۆمۆنە و ئیرادەی هەمووانی بەهۆی دەوری چینی هەمەگیر و ئێکڕا کردوەتەوە {نەک ئەنتاگۆنیستی}. لە ڕاستیدا بەڕایی باسەکەمان جەخت بوو لەو خاڵە کە هەر هەوڵێک بۆ وێکهێنانەوەی درزی نێوان ئیرادەی سیاسی و فەزای کۆمۆنە سەرەنجام ئاکامی نابێت. گەرچی دەکرێ هەوڵێکی لەوچەشنە بەدیاریکردنی جومگەبەندی سیاسی و تایبەتی نێوان ناسنامە کۆمەڵایەتیەکان کۆتایی بێت.

دیارە بۆ بەرگرتن لە بەدحاڵی بوونیشی دەبێ بڵێین، ئەم نائەباییەی نێوان کۆمەڵ وەکو ئەواویەتێک و ئیرادەی کەسی و هەڵسوڕاوانی کۆمەڵایەتی واناکات لە وەڵامدانەوەی مەسەلەیەک لەڕوانگەی هۆکاری (agency) مێتۆدێکی ئاگەرایانە چارەسەری بکەین. چارەسەری ئاگەرایانە پێشتر ئەو گریمانەیەی هەبوو، کە بەڕاستی ئاکەکان ئەواویەتی مانادار و خۆ – ناسێنەرن، (self-defined) بەم گریمانەیە تەنیا کەمێک لەو ئەنجامگیریە دوورین، کە هەر کارلێکی کۆمەڵایەتی دەبێ دانوستانی نێوان بکەران {کۆمەڵایەتی} بێت، بکەرانێک کە ناسنامەکەیان بەدەوری پەیوەندی گەلێکی تەواو لێکجیا بەهێز بووە {دوورکهایم دەڵێ «پیشاندەردەوە کۆمەڵیەکان دەربارەی زەینی ئاک دەردەوەیین.. .»}، بەڵام بۆچوونمان بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیە تەواوی ئێکڕایی باوەڕانە (holistic)، تەنیا بەو کۆتە کارێکی دەست پێ نەگەیشتووە، کە وادەی گەیشتن بە پڕبوون ڕەگی بۆ وازانینی ئێکڕاییەکی کۆمەڵایەتی تەواو ئازاد دەگەڕێتەوە، بۆیە هەوڵدان بۆ بیناکردنی فەزای کۆمۆنە لە دەرەوەی زۆرینەی ئیرادەی هەمووان هەرگیز هاوشێوەی {تیۆری} پەیمان نامەی {کۆمەڵایەتی ڕۆسۆ} نابێت – ئێستا دەمانەوێ ڕەخنە لە {تیۆری} پەیمان نامە بگرین، کە لەسەربنەمای وێنای وەک پەیوەندیەکان و ئیرادەی خۆیان – ویستووە. پڕبوونی بەشداری یان کۆمۆنەیەک بۆ ئاکیش



دۆرکهایم

ناگوازرێنەوە، کە ئێکرای کۆمەڵ ناتوانێ بەدیبێنێ. ئاکەکان ئەواویەتی پێکەوە بەستراونین، بەڵکو ناسنامەی گەڕێندراوەن کە دەبێ بۆزنجیرەیەک خاڵی ڕوانگەی ژێردەسەڵات دابەش بن و جومگەبەندی نێوان ئەم خاڵانەش ڕواڵەتی کۆمەڵایەتی هەیە نەک ئاکی (بۆچوونی «ئاک ئەوەر» لە ئێروانینماندا نیە.)

بەم شێوەیە، دەکرێ ئەو یەکە گچکەترانە چ بن، کە لەبەرایی شیکارەکەماندا ئاماژەمان پێکردن؟ وئەزا ی «داواکەمان» سەرەداوەمانە. داخوازی لەجیاتی ڕواڵەتی بەرایی بەستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی: وشەی «دەیەوی» (demand) لەئینگلیزیدا وشەیەکی وئە: ئەم وشەیە لەلایەک مانای داواکاری (request) و لە لاکەی تر مانای سەپاندنی داخوازیەک – داواکاریەک (claim) – بەسەر ئاکێکی دی (هەروەک «ڕوونکردنەوە ویستنە لەکەسێک»). لەهەموو زمانەکاندا بۆ نمونە ئیسپانی، وشە بۆ ئەو دوو مانایە زۆرە: وشەیەک کە بۆ مانای دووەم بگونجێ «reivindication»ە. گەرچی کاتێک سوود لەوشەی «داخوازی» وەردەگرین مەبەستمان جەختکردنەوەدیە لەمانای دووەم، بەم حاڵە، هەمان ترسی پەنهان لەوشەدا بەدەر نییە لە سوود، چونکە چەمکی زارەکی داخوازی کە ئێمە سوودی لێ وەردەگرین جۆرێک بریارنەدانی نێوان ئەو دوو مانایەیە – وەک لەبنچینەدا دەبینین، ئەم دوو مانایە بەجیا ئاماژە بەجومگەبەندی سیاسی دەکەن. دەبێ ئەوەشی بخەینەسەر، کە گریمانەی هاوبەش لە هەردوو ماناکەدا پەنهانە: واتە داواکاری سەربەخۆ {self–satisfied} لەپێگەیەک جیابێ کە داخوازی تێدا بەدیهاتووە.

ئێستا نمونەیەکی داخوازی ئاسایی دێنمەوە: گروپێک لە خەڵک کە پێکەوە دەژین، داوای پاسێک دەکەن، کە لەشوێنی نیشتەجێبوونیانەوە بیانبائە سەر کارەکەیان. گریمان هەموویان بچنە شارەوانی و داواکەیان پەسند بکرێ. لێرەدا کۆمەڵێک بنەمای ئەرخانکراومان هەیە: 1. پێویستی کۆمەڵایەتی دەبێتە داواکاریەک – واتە ئەو داواکاریە بەخۆڕێکخەری نایەتەدی، بەڵکو بەپەنابردنەبەر شوێنێکی دی چارەسەر دەکرێ. شوێنێک کە دەسەڵاتی بریاردانی هەیە، 2. کاتێک داواکاری فۆرمۆلە دەبێ، پیشانیدەدا کە هەرگیز پێگەی باڵاتری دەسەڵاتی بریاردان گوماناوی نابێت – بەم شێوەیە ئەواو لە چوارچێوەی مانای یەکەمی «داخوازی» دەچینەدەر، 3. ئەو داواکاریە داخوازیەکی بەوەخت و ڕێکوپێکە، چونکە لە خۆیدا پووخێنبوەتەوە – واتە وەک کێویێک داخوازی، یان لافاوێکی گەورەی داواکاری نوسراوی کۆمەڵایەتییە. ئەگەر ئەو سێ ئایبەتمەندیە بەدوای یەکدا ڕیز بکەین، بەم ئەنجامە دەگەین: داخوازی لەمجۆرە هیچ درز یان سنوور لەکۆمەڵگەدا درووستناکات، کە داواکاریەکانی ڕێکوپێکن یان هەریەکەیان بەتەنیا دەخەملێنرێن، لەبەرامبەردا هەڵسوڕاوانی کۆمەڵایەتی ڕەوایەتی هەریەک لەم پێگانە لەحوکمی گریمانەیەکی باس نەکراودا {پێشتر} پەسند دەکەن. هیچ کەس نە مافی خۆی بۆ داخوازی دەخاتە گومانەوە، نە مافی پێگەی بریاردەر بۆ بریاردان دەبائە ژێر پرسیارەوە. هەر پێگەیەک

**مانای وایە فاکتەری کۆمەڵایەتی نییە کە خواستی لەگەڵ ئەزموونەکانی ئێستای کۆمەڵگە گونجاوبێ و لە حوکمی تەواویەتێکیش تێگەیشتوو بێت**

بەشێک (یان خاڵی جیاوازی دانان) لە گەیشتنی یان دەروون مانەوەی (immanence) کۆمەڵایەتی ئەواوو دامەزراوە (institutional). لۆژیکە {جۆراوجۆرەکانی} کۆمەڵایەتی بەپێی ئەم مۆدێلەی جێگیر و جیاوازیدانانە کاردەکەن، ئەو لۆژیکانەی کە ناویاندەنێین لۆژیکە جیاوازەکان. پێشگریمانەی ئەو لۆژیکانە، یەکەم هیچ جۆرە دابەشکرندێکی کۆمەڵایەتی نیە، دووەم دەکرێ هەموو جۆرە داواکاریەکی ڕەوا بە نا ئەنتاگۆنیستی {واتە بەبێ شەڕو کێشە} و {دەروون –} حکومەتی بخەملێنرێ. نمونەی لەم یۆتۆپیایی کۆمەڵایەتی جیاوازی دانەرەکان دەکات، کە نوێنەری کاری جیهانگری لۆژیکە: چەمکی دیسرائیلی {بنجامین دیسرائیلی، دەوڵەتکار و نوسەری ئینگلیزی} (میللەتی ئاک) و دەوڵەتی خۆشگوزەران، یان ئایدیالی سان سیمۆنی (حکومەت کردن بەسەر

**سنووری دەروونی تەنیا بەهۆی کاری زنجیری هاوبەهایی دێتەدی دی. لەو ناوەدا گرنگە بزانین، کە زنجیری هاوبە هایی سروشتی دژ.... جێگرتووە**

مرۆڤەکان بۆ ڕاییکردنی شتەکان).

بۆ نمونەکەمان بگەڕێینەوە: گریمان داواکاری ناوبراو ڕەتکراوەتەوە، بێگومان ئەو بڕیارە بارودۆخێک لەڕیشەکێشی کۆمەڵایەتی دێنێتەئارا، کە پێگەی باڵاتر داویەتی. ئێستا لەکاتێکدا کە تەنیا داواکاریەک بەدینەهێنرێ، ئیدی ماهیەتی بارودۆخ وەرناچەرخێت. ئەگەر بەهەرهۆیەک ژمارەی داواکاری نەهاتووە دی زۆربن، زۆرینەی ڕیشەکێشی بەرهەمهێنەریان دەبێتە هۆی هەڵتۆقینی لۆژیکە کۆمەڵایەتیە تەواو جیاوازیەکان. وەک نمونە ئەگەر هەمان گروپ لە خەڵک کە لە دراوسێیەتی یەکتری دەژیان و لە بەدیهاتنی داخوازیان بۆ هەڵگرتن و گواستنەوە بێ هێوا بوون، بزانە دراوسێیەتەکەشیان بە چوونیەک لە خەملاندنی داواکاری خۆیان لەئاستی ئاسایش، دابینکردنی ئاو، شوێنی نیشتەجێ بوون و فێربوون و هتد ڕیشەکێش کراون، جۆرێک یەکێتی و یەکگرتوویی نێوانیان بەهێز دەبێت: هەموویان لەواقعیەتەی نەهاتووەدی داواکاریەکانیان شەریک دەبن، بەم مانایە، کە لە داواکاری شێوەی نەرێنی فەرەنسی ماهیەتی پۆزەتیڤ و جیاوازی دانەرەیان شەریک دەبن.

بارودۆخی کۆمەڵایەتی حەزدەکەن لەبەستێنی نەرێنیدا کەڵەکەبن، کە تێیدا داواکاریەکان نەهاتوونە دی، لەڕاستیدا هەمان پێش بارودۆخی ڕواڵەتی جومگەبەندی سیاسیە، کە ناوی دەنێین پۆپۆلیزم – دیارە ئەمە ئاکە، پێش بارودۆخی حاڵەتی جومگەبەندی ناوبراو {واتە پۆپۆلیزم} نییە. ئێستا ئاماژە بە چەند تایبەتمەندیەکی بنەمایی ئەو بارودۆخە دەکەین:

1. کاتێک کە ڕێکوپێکی دامەزراوەیی لەسەر بنچینەی لۆژیکی لێکجیابوونەوە وەستابوو، لێرەدا لەبەردەم بارودۆخی هەڵگەڕاوە داین، بارودۆخێک کە دەکرێ ناوی بنێین جۆرێک لۆژیکی هاوبەهایی – (logic of equivalence) لۆژیکێک، کە داواکاریەکان سەرباری سرووشتی جیاوازیان دەیانەوێ لەناویدا یەکبگرن، کە ناوی دەنێین زنجیری هاوبەهایی (equivalential chains) ئەم کارە بەو مانایەیە، کە هەر داواکاریەکی ئاکی لەڕوانگەی بنەماییەوە پارچە پارچەیە: داواکاری هەمان خودی بەش بەش بووە و لەلاکەی دی بە هۆی پەیوەندیەکانی (links) هاوبەهایی ئاماژە بە تەواوی داواکاریەکانی تر دەکات. بۆ وەسفکردنەکەمان گەڕاینەوە: لەڕاستیدا هەر داواکاریەک وەک لوتکەی شاخێکی سەهۆڵ کردووە، چونکە ئەو لوتکەی شاخە سەهۆڵ کردووە {کە بەشی زۆری لەژێر ئاوە} هەرچەند خۆی لە وردەکاری دەخاتەڕوو، بەڵام داوای دەرکەوتنی خۆی تەنیا لەبری داواکاری گەلێک لەکۆمەڵێکی گەورەتری داواکاریە کۆمەڵایەتیەکان دەزانێ.

2. ناسکاری داواکاری لە دوو دۆخی سەرەوەدا جیاوازە: لە دۆخی یەکەم ناسکاری داواکاری هەرهێندە ئاڕاستەیە، کە داواکاری بۆخۆی ئاڕاستە و ماقوڵە. ئێمە ئەو ناسکاریە ناودەنێین ناسکاری دیموکراسی کە لەبری کاری لاوەکی ئێگەیەنراو دەبێ. لە دۆخی دووەم، ناسکار بەربڵاوترە، وەک سۆبجێکتیڤیەکەی سەرچاوەی لە کەڵەکە بوونی هاوبەهایی زۆری داواکاری دیموکراسی گرتووە. ناسکاریەک ناودەنێین ناسکاری پۆپۆلار {popular subject= ناسکاری پۆپۆلیستی}کە بەپێی ئەم لۆژیکە هەڵدەسەنگێنرێت. هەر ڕادەیەکی داواکاری کۆمەڵایەتی حەزبکەن بەجیاوازی دانان ڕابکێشرێنە سیستەمی دامەزراوەییەوە، پەیوەندیەکانی هاوبەهایی نێوانیان لاوازتر دەبێ و شیمانەی دامەزراندنی سۆبژێکتیڤیتەی پۆپۆلار کەمتر دەبێتەوە، ئەم کارە بەباشی هەلومەرجی سەرهەڵدان و ئاوابوونی ئاخی پۆپۆلار دەردەخات. لە بەرامبەردا، بارودۆخێکمان هەیە، کە تێیدا زۆری داواکاری نەهاتووە دی، هەروەها جۆرێک لاوازی زۆری سیستەمی بەدامەزراوە کراو لەڕاکێشانی جیاوازی دانانەی ئەم داواکاریانە بەرچاو دەکەوێت. ئەم بارودۆخە جۆرێک درزی پۆپۆلیستی لێ دەکەوێتەوە.

3. پێشتر دەزانین هیچ کرۆکێکی

پۆپۆلاری بێکێشانی سنووری دەروونی بوونی نابێ. هاوبەهاییەکانیش بەهۆی لەدەستدانێک بەمجۆرەن، کە لەدەروونیاندا گەشەی کردووە و پێویستی بە دەستنیشانکردنی سەرچاوەی ڕواڵەتی نەرێنی کۆمەڵە. بەم شێوەیە وتارەکانی {وتار} پۆپۆلار و هاوبەهایی کاری کۆمەڵایەتی بۆ دووبەشی لێکجیا دابەش دەکەن: دەسەڵات و دۆڕاو. ئەم کارە وادەکات ماهیەتی داواکاریەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێت: ئەمان لەمەودوا تەنیا داخوازی سادە و ئاسایی نین، دەبنە داواکاری ململانێ (reivindicationes) – لێرەدا بە دووەم مانای داواکاری دەگەین.

هاوبەهاییەکان، واتە هەمان ناخی پۆپۆلار، هەڵسەنگاندنی دوولایەنەی کاری کۆمەڵایەتی دەوری سنووری دەروونیە، پێدەچێ ئێستا بنەمای تایبەتی پێویستمان بۆ پێناسەکردنی پۆپۆلیزم لەبەردەست بێ، بەڵام هێشتا ناتەواو. ڕواڵەتی گرنگ و کلیلی جێگرتووە، کە ئێستا شرۆڤەیان دەکەین.

**داله کۆتاکان و لێهاتووەکان**

ئاتێره ئاشنای دوو بارودۆخ بووین، کە ڕەنگە درزێکی پۆپۆلیستی تێدا فۆرمۆلەدەبێ، ئەو بارودۆخانەی کە لەڕوانگەی بنەماییەوە پێویست و تەواوکەری یەکترین: جیاکاری فەزای کۆمەڵایەتی بەهۆی درووستبوونی سنووری دەروونی و پێکهاتنی زنجیرەی هاوبەهایی نێوان داواکاری بەدی نەهاتوو، بە دەربڕینێکی وردتر ئەم بارودۆخانە بارودۆخی تەواو جیانین، بەڵکو دوو ڕووی بارودۆخێکن، چونکە سنووری دەروونی تەنیا بەهۆی کاری زنجیری هاوبەهایی دێتەدی دی. لەو ناوەدا گرنگە بزانین، کە زنجیری هاوبەهایی سروشتی دژ.... جێگرتووە: زنجیری هاوبەهایی ماهیەت و سرووشت، جیاوازی دانانە و بەشێک لە داواکاریەکان لەدەروونیدا دەگۆڕێ. لەکاتی پەیوەندی کورتی نێوان داواکاریەک کە دەخرێنە سەر «سیستەم» و توانای سیستەم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان ڕوودەدات. دەبێ ئێستا لەکاریگەری ئەو پەیوەندیە کورتە، هەم لەسەر ماهیەتی داواکاری و هەم لەسەر ماهیەت و سرووشتی سیستەمێک بکۆڵینەوە، کە لەجیاتی ئەواوویەتێک ئێگەیەنراو دەبێت.

داواکاری هاوبەهاییمان یەکسەر ڕووبەڕووی مەسەلەی پیشاندانەوەی هاوبەهایی دەبێتەوە، چونکە لە لایەک ئاشکرایە کە داواکاری لاوەکین، لە کاتێکدا کە ڕەهەند یان لایەنی ئێکرایی ئری بێبەشە، کە پەیوەستە بە هاوبەهایی بەستراوە بە هەبوونی هەردۆخێکی بێ هۆو ئاشکرای پیشاندانەوە. بەڵگەمان، یەکەم پێش مەرجی پێویست بۆ پیشاندانەوەی سائەکانی هاوبەهایی هاومانای ئەواویەت بەخشی دەسەڵاتێکە (لەڕێگای چەمکەکەی) کە بەگژ یەکگرتنی داواکاری گەلێکدا دەچێتەوە، کە داخوازی گشتی بەهێز


هیگڵ

دەکاتْ. بەڵگەنەویستە کە زنجیری هاوبەهایی سنووری دەروونی کۆمەڵ بەرهەمدێنێ دەبـێ، بە شێوازێک لاکـــەی تـــری ســـنووریـش پیشان بدرێتەوە. هیچ پۆپۆلیزمێک بەبێ درووستکردنی دووژمنی گریمانەیی بـوونـی نییە: سیستەمی پێشوو، ئۆلیگاریشی، دەسەڵاتداران یان هەر شتێکی تـر، پاشان بۆ ئـەم بابەتە دەگەڕێینەوە. ئەوەی ئێستا لەسەری پەڕینەوە لە بابەتەکانی ناسکاری دیموکراسی بۆ بابەتەکانی ناسکاری پۆپۆلار قوڵ دەبینەوە، پەڕینەوەیەک کە بەپێی کاریگەری دوای پێکهاتنی سنووری دەروونی کۆمەڵگە شیکاری دەکەین.

چۆن هاوبەهایی بەم ئاریفە خۆی پیشاندەدا؟ هـەروەک پێشتر وتمان هەرگیز خاڵی هاوبەهایی لـە ئایبەتمەندیەتی ئـەرێـنـی و پۆزەتیڤی، واتە ئایبەتمەندیەتیەکدا نییە، کە لەهەموو داواکاریەکاندا پەنهانە، چونکە داواکـاری لەرووی ئایبەتمەندیەتی ئەرێنیان لەیەکتر جیاوازن. هاوبەهایی ئەواوو بەهۆی لێکدژیەک گەشە دەکاتْ کە سنوور بۆ دەسەڵاتی هەمەلایەنی کێشراوە، دەسەڵاتێک کە هیچکام لە داواکاریە هاوبەهایەکان بەدیناهێنێتْ. لەم حاڵەتەدا زنجیری هاوبەهایی چۆن دەتـوانـێ بـە مـانـای وردی وشە پێشان بدرێتەوە؟ پێشتر لە شوێنێک وتبووم («بۆچی دالە کۆتاکان هێندە بۆسیاسەتْ گرنگن؟»، لە رزگاریەکان، لەندەن، ویرسۆ) پیشاندانەوە یان نوێنەرایەتی تەنیا کاتێک ئاسانە، کە داواکاریەکی لاوەکـی بەبێ دەستْ هەڵگرتنی لەوردەکاریەکەی خۆی، وەک دالـێـک کـار بـکـاتْ، دالێک کە زنجیری {هاوبەهایی} لەبری ئـەواوویـەتـێـک پیشانی دابێتەوە (بەهەمانجۆر کە بۆ نمونە زێر بەبێ ڕەگــەزی لاوەکــی لـە دەستبداتْ، ڕەگــەزی خـۆی بـۆ پیشاندانەوەی ئێکڕای بەهایی دەگـۆڕێـتْ). ئەم پرۆسەیە کە بەهۆی ئەو داواکاریە لاوەکـیـە زنجیرەیەک هاوبەهایی پـیـشـانـدەدائـەوە، بـەمـسـۆگـەری هەمان شتە کە پێشتر ناومان نابوو هەژموونی. بۆ نمونە داواکاریەک کە ئەندامانی سۆلیدارنیشک داوایاندەکرد بەئایبەتْ پێشینەی داواکـاری چینی کرێکار بوو لە گدانیسک، بەڵام کە داواکاری ئەو یەکێتیە لە کۆمەڵگەی لاواز فۆرمۆلە ببوو، کۆمەڵگەیەک کە زۆربەی داواکاریە کۆمەڵایەتیەکانیان لەبار بردبوو، ئەم داواکاریە لەوئاری نـوێ و دوولـەتـبـوو بـۆ دالەکانی ئۆردووگای جەماوەری گۆڕان.

کەواتە ئایبەتمەندیەک لەڕەونی هەڵسەنگاندنی بەڵگەودەلیلی ئێکڕایی و پۆپۆلاردا هەیە، کە بە ئایبەتی بۆ ئێگەیشتن لە پۆپۆلیزم گرنگە. ئەو ئایبەتمەندیە ئـەوەیـە: تا زنجیری هاوبەهایی زیـاتـر گەشە بکاتْ، پەیوەندی بە داواکـاری لاوەکیەکەی لاوازتــر بـوو کـە قبوڵبیانکردووە پیشاندەردەوەی ئێکڕای داوای گشتی بن. ئێستا دەگەینە ئەنجامێکی گرنگ: هەڵسەنگاندنی ناخی پۆپۆلار تەنیا لە ڕێگای بەرهەمهێنانی لۆژیکی دالە کۆتاکان گونجاوە، ئەو دالانـەی کە کتوپڕ لایەنگرانە بەرهەمدەهێنرێن. بەوجۆرەی باوە «نـەداری» هێمای پۆپۆلیستی هاوماتای مەرجی پێویستْ بۆ کاریگەری سیاسی ئەو هێمایانەیە - کاری ئەو هێمایانە پێدانی ڕاستی ئەواو ناتەبایە بەهاوبەهایی ئەبا، ئەم هێمایانە دەتوانن بەکەم کردنەوەیان بەلانیکەمی نـاوەڕۆکـی لاوەکـیـان کاریگەری سیاسی ناوبراو بەوپەڕی باشی ئەنجام بدەن. ئەم ڕەوتە لە دۆخێکدا ئاستی خـۆی بەخاڵێک دەگـاتْ، کـە ناوێکی پـاک ئەرکی ئەباسازی بەئەستۆ دەگـرێ: ناوی پێشەوا (leader).

**سەرچاوە:**


POPULISM: WHATS, «– IN A NAME?» in Panzer, Francisco (ed.). 2005. Populism and the Mirror of Democracy. London: Verso.


**پەراوێزەکان:**

1- Laclau, Ernesto, On Populist Reason, London: Verso, 2005.

2- Solidarnsc: یەکێتی بازرگانی ئازاد، کە لە دەیەی 1980 بە سەرۆکایەتی لخ ڤالسا لە پۆڵەندا دامەزرا. و. ف.

3- Gdansk: شـارێـکـە لە باشووری پۆڵەندا. و.ف.

4- جوڵانەوەی میللی گەرایانە بـەڕابـەرایـەتـی جـۆزیـە مـازیـنـی، سیاسەتکاری ئیتالی لە سەدەی نۆزدە. و. ف.

5- ڕەوتـی پـەیـڕەوی جۆزیە گریبالدی، پێشەوای ئیتالیای هاو ڤۆناغی مارینی، کە لە پرۆسەی یەکگرتنی ئیتالیا کاریگەری هەبوو. و. ف.

6- پرۆسەی یەکگرتنی ئیتالیا لە کۆتایی سەدەی نۆزدە. و. ف.